# کاریگەری بیری چەپ لەسەر کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ-ک) ١٩٤٢-١٩٤٥

## توێژینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییە

**اسماعیل عبدالرحمان سعید** بەشی مێژوو ، فاکەڵتی پەروەردە ، زانکۆی کۆیە ،کۆیە،هەرێمی کوردستان ، عێراق
**ئیمەیڵ:** Ismael.abdalrahman@koyauniversity.org

**پوختە:**
بیری چەپ لە ڕێگەی جۆراوجۆر وەک بزاڤی سـوسیال دیموکراسی، حیزبی کومونستی ئێران، حیزبی توودەی ئێران و هاتنی هێزەکانی سوپای سوور بۆ ئێران و پشتیوانیان لە کۆماری کوردستان هاتونە کوردستان. بانگەشەی چەپ بۆ دادپەروەری و نەهێشتنی هەرچەشنە ستەمێک سەرنج و پێشوازی ڕووناکبیران و بەشێکی دەستەبژاری کوردی لە بیری چەپ لێکەوتەوە: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ-ک) (١٩٤٢) وەک یەکەم ڕێکخراوی ناسیونایستی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.
لەگەڵ ئەوەی پێناسی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی-ئاینیی هەیە، کاریگەری بیری چەپی بەسەرەوە بەجۆرێک کە بە توندی بەگژ سیستەمی دەرەبەگایەتی، وەک ڕژێمی ئابووری کۆمەلایەتی کوردستاندا چۆتەوە و هەوڵی بۆ هەڵتەکاندنی تان و پۆی سیستەمی عەشیرەیی داوە و لەهەمانکاتدا پشتیوانی لە چینی زەحمەتکێش و بەتایبەتی چینی جوتیاران کردووە. کۆمەڵەی (ژ-ک) بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی خۆی واتە پێکهێنانی کیانێکی سەربەخۆی کوردی لە پشتیوانی دەرەکی گەڕاوە و لەم سۆنگەیەوە پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت گەرم و گوڕ بووە و تەنانەت لە بڵاوکراوەکانیدا سۆز و لایەنگیری بۆ سیستەمی ئابووری-کۆمەلایەتی ئەو وڵاتە بەرچاو دەکەوێ.

**کلیلە وشە**: ژ-ک، چەپ، ڕاست، دەرەبەگایەتی، یەکسانی

## پێشەكی

هاوسۆزی و سەرسام بوونی بەشێك لە تێكۆشەرانی سیاسی كورد بە بیری چەپ بە جۆرێك بوو كە شوێنەواری لەسەر كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان وەك یەكەم ڕێكخراوی ناسیونالیستی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان هەبێ. ڕێكخراوێك كە بەرنامەیەكی ناسیونالیستی ڕوون واتە ستراتیژی دیاریكراوی هەبوو كە بریتی بوو لە گەیشتن بە سەربەخۆیی و پێكهێنانی كوردستانی گەورە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ تیشك خستنەسەر كاریگەری بیری چەپ لەسەر بەرنامە و سیاسەتەكانی ئەم ڕێكخراوە. لەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی توێژینەوەی زانستی مێژوویی دەبەستین بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بەكارهێنانی سەرچاوە مێژووییەكان و بەڵگەنامە باوەڕپێكراوەكان لە ئاكامی توێژینەوەكە نزیك ببینەوە.

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی كاریگەری بیری چەپ لەسەر كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان (١٩٤٢-١٩٤٥) دوو باسی سەرەكی لەخۆ دەگرێت و هەر باسێك بۆ سەر چەند تەوەر دابەش دەكرێت. باسی یەكەم بۆ دامەزراندنی (ژ-ك) دیاریكراوە و تەوەرێك لە خۆدەگرێ، لەو تەوەرەدا (ژ-ك) پێناسە دەكرێ و تێیدا باس لە دامەزراندن، ئامانج و بەرنامەی ئەم ڕێكخراوە دەكرێ.

باسی دووەم تایبەتە بۆ كاریگەری بیری چەپ لەسەر (ژ-ك) كە بەسەر دوو تەوەرەدا دابەش كراوە. تەوەری یەكەم باس لە بەرنامەی (ژ-ك) دەكات بۆ سیستەمی ئابووری-كۆمەڵایەتی ئەو كاتی كوردستان كە بەشێوازی سیستەمی دەرەبەگایەتی بەڕێوەدەچێ و تەوەری دووهەم ئاوری لە پەیوەندییەكانی (ژ-ك) و یەكیەتی سۆڤیەتی داوەتەوە وەك جەمسەری سەرەكی جیهانی كومونیستی.

لەم توێژینەوەیە پشت بە چەند سەرچاوەیەك بەستراوە كە گرینگترینیان بریتین لە: گۆڤاری نیشتیمان وەك بڵاوكراوەی بیری (ژ-ك)، د.ئەفراسیاو هەورامی (ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە دووەم جەنگی جیهانیدا بەپێی بەڵگەنامەكانی ئەرشیفی یەكیەتی سۆڤیەت). ئەنوەری سوڵتانی (ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە بەڵگەنامەكانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا) و سەید موحەممەدی سەمەدی (ژێ كاف چی بوو؟ چی دەویست و چی لێ بەسەرهات؟) كە ئەم سەرچاوەیە وتووێژە لەگەڵ مەلا قادری مودەریسی كە یەكێك لە دامەزرێنەرانی ئەم ڕێكخراوەیە بووە و هەروەها بیرەوەرییەكانی هەژار موكریانی كە خۆی ئەندامی چالاكی (ژ-ك) بووە بەناوی (چێشتی مجێور).

### باسی یەكەم: دامەزراندنی كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان (ژ-ك)

### تەوەری یەكەم: دامەزراندن، ئامانج، بەرنامە

ساڵی (١٩٤١) هێزی هاوپەیمانەكان، كە بەشێكیان هێزەكانی سۆڤیەتی بوون، هاتنە ئێران و دیكتاتۆریی ڕەزاشا ڕووخا و ئازادییە دیموكراتییەكان لە وڵاتدا بوژانەوە (قاسملو، ١٩٧٣: ٩٠) و دەستە و ڕێكخراوی سیاسی لە وڵاتدا دروست بوون (مەدەنی، ٢٠٠١: ١٨٠). لە ئاكامی ئەم هەلومەرجەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئێران پێی نایە قۆناغێكی نوێ و زەمینەسازی بۆ نەتەوە نا فارسەكان لە ئێراندا ڕەخسا كە دەست بە خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی بكەن. نەتەوەی كوردیش شان بە شانی نەتەوەكانی دیكە لە ئێراندا هەوڵی دا لە میانەی خۆكۆكردنەوە و ڕێكخستندا نەخشی خۆیان هەبێ لە ڕووداوە نێوخۆییەكان و لە هەوڵی ناسین و پاراستنی ناسنامە و شوناسی كوردایەتیی خۆیاندا بن (سەعید، ٢٠٠٦: ٦٧).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

پێکهاتنی یەکەم ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی کۆمەڵەی (ژ_ک)، (ژیانەوەی کوردستان) پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا هەبوو. کۆمەڵی ژیانەوەی کوردستان کورتکراوی (ژ_ک، J.K)ە، لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢ لە سەر داروپەردووی (حیزبی ئازادی کوردستان)١ دامەزرا (احمد، ١٩٨٥: ٢٥٧) لە سەر ناو و دەستەی دامەزرێنەرانی (ژ_ک)یش نووسەران و لێکۆڵەرانی ڕای جیاوازیان هەیە٢، بەڵام دەبێ ڕای عەبدولڕەحمانی زەبیحی کە سکرتێر و لە دامەزرێنەرانی سەرەکی (ژ_ک) و بەرپرسی گۆڤاری "نیشتمان" بوو، لەم بارەیەوە بەڵگەمەندتر بێ. زەبیحی ناوی ڕێکخراوەکەی بە ناوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" دەناسێنێ (ئایندە، ٢٠٠٢: ١٤٨/٤)٣ و لەسەر دەستەی دامەزرێنەریش بەهەمان شێوە دەبێ لیستی زەبیحی لە ڕاستی نزیکتر بێ. زەبیحی بەم جۆرە ناوی دامەزرێنەران دەبا: ١- حوسێن فروهەر (زیرینگەران) ٢- عەبدولڕەحمانی زەبیحی ٣- عەبدولڕەحمانی ئیمامی ٤- مەلا قادر مودەڕیسی ٥- نەجمەدین تەوحیدی ٦- محەممەد نانەوازادە ٧- عەلی مەحموودی ٨- محەممەد ئەسحابی ٩- عەبدولڕەحمان کیانی ١٠- سەدیق حەیدەری ١١- قاسم قادری (ساڵح، ٢٠٠٧: ٢٢)٤.

ئەوەی کە ڕوونە پێگەی چینایەتیی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ_ک)ە کە سەر بە کوردی شارنشینی وردە بورژوازی بوون، چ تەقلیدی و چ مۆدێرن کە هەڵبەت دەستەی دووهەمیان باڵادەست بوو تێیدا (وەلی، ١٩٩٥: ٢١). شارەکان خۆیان فراوان دەبوون و لەگەڵ فراوان بوونیاندا چینێکی خوێندەوار گەشەی دەکرد، ئەم چینە خوێندەوارە لەگەڵ ئەو نەوەیەی پێشوو کە بزووتنەوەی کوردی ڕێبەرایەتی کردبوو، جیاوازبوو (مەکداول، ٢٠٠٢: ٤٩٧)٥ هەروەها نیشتەجێکردنی بەزۆریی عەشیرەتەکان و لاوازکردنیان بەهۆی سیاسیەتی سینترالیزەکردنی وڵات لەلایەن ڕەزا شاوە، ڕێگەی خۆشکرد بۆ ڕەوتی گواستنەوەی دەسەڵات و ڕێبەری لە سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ سەرکردەکانی شار لە کوردستان (سجادی، ١٧/ ١٧) هەربۆیە ئەم کۆمەڵەیە گرنگی و بایەخی تایبەتیی خۆی هەبوو، چونکە یەکەم کۆمەڵی نەتەوایەتیی کوردی بوو کە دامەزرێنەرانی (ئاغا و شێخەکان) نەبوون، بەڵکوو زۆربەیان لە چینی ڕۆشنبیر و بازرگان و زانایان بوون، واتە چینی تێگەیشتووی کۆمەڵگەی کوردی بوون کە تەنیا هەوڵیان نەدەدا بۆ مافەکانی خۆیان بەڵکوو لەگەڵ مافی گشتیی نەتەوەکەیان بوون(عەلی، ٢٠١٠: ٣٣٢).

کۆمەڵەی (ژ_ک) لە یەکەم ژمارەی "نیشتمان" بڵاوکەرەوەی بیری ئەم ڕێکخراوە سەبارەت بە ئامانجی ئەم ڕێکخراوە دەنووسێ:

ئەی برای کوردی خۆشەویست

کۆمەڵەی (ژ_ک) بە پێچەوانەی هەموو بەرهەڵست و قۆرت و چەڵەمێکی وەکوو دوژمنایەتی خۆبەخۆ، دوو بەرەکی و خۆخۆری، پووڵپەرستی و بێگانەدۆستی کە لە ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کورددا هەیە، بە هەموو هێز و توانای خۆی تێئەکۆشێ تا زنجیر و کەلەپچەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورە و ڕێک و پێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تیا بژی (نیشتمان، ١٣٢٢: ژ ١).

بەمجۆرە یەکەم ڕێکخراوی مۆدێرنی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا کە هەم ئایدۆلۆژیای هەبوو، هەم بەرنامەیەکی ناسیۆنالیستی ڕوون، واتە: ستراتیژی موشەخەسی هەبوو کە بریتی بوو لە گەیشتن بە سەربەخۆیی و پێکهێنانی کوردستانی گەورە. هەر لە مەرامنامەی کۆمەڵەکەدا هاتووە، کە: "کۆمەڵەی ژ_ک لەسەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنیەت، سوڵح و ئاشتیخوازی دانراوە و هەموو قانوون و نظامنامەکانی لەگەڵ شەریعەتی موقەدەسی ئیسلام تەتبیق دەکرێ و ئینجا دەخرێتەکار" (نیشتمان، ١٣٢٤: ژ ٧). لە بەندێکی دیکەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

مەرامناکەیدا جەخت لەسەر بەرەسمی ناسینی تەنیا ئاینی ئیسلام دەکا و دەڵێ: "بەبۆنەی موتەدەین بوونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد بە دینی ئیسلام، کۆمەڵە لە کوردستان تەنیا دینی موقەدەسی ئیسلام بە ڕەسمی دەناسی و بۆ تەرویجی شەرعیەتی خاوێنی ئیسلام و بەجێگەیشتنی هەموو ڕێ و شوێنێکی ئیسلامەتی تێدەکۆشێ و لەگەڵ منافیقان بەربەرەکانی بەشیدەت دەکا" (نیشتمان، ١٣٢٤: ژ ٧) و هەروەها لە چەندین ژمارەی دیکەی "نیشتمان"دا چەندین وتاری تایبەت بە ئاینی و مێژووی ئیسلام هەیە٦ هەروەها کەسێکی کە دەبوو بە ئەندامی (ژ_ک) بە وتەی مەلا قادر مودەریسی لە دامەزرێنەرانی (ژ_ک) سەرەتا دەچووە حەمامێ و لە ڕووانگەی ئاینییەوە خۆی خاوێن دەکردەوە، ئەوجار دەهاتە لای سێ کەس و لەلای ئەوان حەوت جاری بە قورئان سوێند بۆ وەبەرچاوگرتنی ئەم شەش مەبەستانە دەخوارد (سەمەدی، ١٣٦١: ١٤)٧. لەگەڵ ئەمانەشدا لە بەرگی دووهەمی هەموو ژمارەکانی "نیشتمان"دا لەسەرەوەی ئاڕمی گۆڤارەکە بە کەوانە ئایەتێکی قورئانی نووسرابوو، بەلەبەرچاوگرتنی ئەم بەڵگە و نووسراوانە کە لە کۆمەڵەی (ژ_ک) دەست کەوتوون وایکردووە کە نووسەر و لێکۆلەرانی وەک د. سەلاحەدین خەدیو و سەید موحەممەد سەمەدی کۆمەڵەی (ژ_ک) وەک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی و ئیسلامی ناو ببەن (خدیو، ٢٠٠٠ ؛ صمدی، ١٣٧٣: ١١٧).

سەید موحەممەد سەمەدی لە کتێبی مێژووی مەهاباد ئەم ڕێکخراوەیە وەک " کۆمەڵەی نەتەوەیی_ئاینیی" پێناسە دەکا. هەڵبەت هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە کە بیسەلمێنی کۆمەڵەی ژ_ک مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بێ کە تێیدا یاساکانی شەرع بەڕێوەبچێ.

## باسی دووهەم: ڕەنگدانەوەی بیری چەپ لە بەرنامە و سیاسەتی (ژ-ک)دا

### تەوەری یەکەم: (ژ-ک) و ڕژێمی ئابووری-کۆمەڵایەتی کوردستان

لەم ساڵانەدا سیستەمی دەرەبەگایەتی سیستەمی ئابووری_ کۆمەڵایەتی لە کورستاندا بوو و دەرئەنجامەکەی ئەوە بوو کە زۆرترین و باشترین زەوییەکان لە دەستی زەویدار و گەورەکانی وڵات و فیودالەکاندا بوو٨. شێوازی خاوەندارێتیی زەوی تا ڕادەیەکی زۆر وەک خۆی مابۆوە و هەربۆیە خاوەن زەوییە گەورەکان و تەنانەت خاوەن موڵک سەرەکییەکانی نادیار وەک خاوەن زەوییە شارنشینەکان ڕێگەیان پێدرابوو کە مڵکەکانیان وەک خۆی بمێنێتەوە. تەنانەت ئەو مڵکانەی کە کرابوون بە "وەقف" یا "وەقفە" ئاینییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بێ هیچ دەستکاریکردنێک مانەوە و ئەمەش مانای وایە کە خاوەن هێز و دەسەلاتە کۆنەکان لە کورستاندا کە بریتی بوون لە سەرۆک خێڵ و شێخە ئاینییەکان توانیویانە لە سەر بەکارهێنانی میللەتی خۆیان بەردەوام بن (ئینتسار، ٢٠٠٤: ٢٩).

بەم جۆرە سەرۆک عەشیرەت و ئاغاکان بە سام و هەیبەتەوە مەزنایەتی و ئاغایەتییان دەکرد، فەرماندەر و بڕیاردەر بوون، خەڵکی لادێ لە ژێر دەستی فەرمانبەریدا دەچەوسانەوە٩ و تێگەیشتووی سیاسی و کۆمەڵایەتییان لە چاو ئاغاوەت و دەرەبەگەکان زۆر لە خوارێ بوو. بەدەگمەن لێیان هەڵدەکەوت سنووری چینایەتی ببەزێنن، بەڵام قەت نەدەگەیشتنە ئەو ڕادەیە خۆیان خەباتی سیاسی و چینایەتی وەرێ بخەن (مەدەنی، ٢٠٠١: ٢١٦)، چون دەسەلاتی دەرەبەگ بە گشتی لەسەر ڕێگەی پەرەگرتنی کێشەی چینایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری کۆسپێکی گەورە بوو(قاسملو، ١٩٧٣: ١٤٩).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

لە کوردستان لە دۆخێکی لەم چەشنەدا کە پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی عەشیرەیی و کولتوورێکی نەریتی تێدا بەهێزە، کۆمەڵەی (ژ_ک) بە گژ دۆخی ئاراییدا دەچێتەوە و دەیهەوێ دەسەڵاتی سیاسیی خان و ئاغا بەربەست بکا و پەیوەندییەکانی عەشیرەیی لاواز و هەڵتەکێنێ١٠. کۆمەڵە بەر لە هەرشتێک لە خۆیەوە دەست پێ دەکا و ڕێگە بە کەسانی سەر بەم چین و توێژانە نادا ڕێبەریی (ژ_ک) بەدەستەوە بگرن. مەلا قادر مودەڕیسی لە دامەزرێنەرانی (ژ_ک) لەمبارەیەوە دەڵێ: "چوار دەستە و تاقم دەیان توانی ببنە ئەندامی (ژ_ک)، بەڵام هەرگیز نەیاندەتوانی بە پلەی سەرۆکی (ژ_ک) بگەن، ئەو چوار دەستەیەش بریتی بوون لە: ئاغا، شێخ، مەلا و سەید" (سەمەدی، ١٣٦١: ١٣) کۆمەڵەی (ژ_ک) هەر بەوەندە ڕازی نابێ کە نەهێڵێ جڵەوی دەسەڵات لە (ژ_ک)دا بکەوێتە دەست ئەم چین و توێژانەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی گۆڤاری "نیشتمان"، زمانحاڵی ئەو ڕێکخراوە بەردەوام هەڵوێست و هەڵسوکەوتی ئەم چین و توێژانە بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی و چەوسانەوەی جوتیاران و بڵاوکردنەوەی وەهم و خورافات و کولتووری دواکەوتووانە لە کۆمەڵگادا مەحکووم دەکا و لە زۆربەی ژمارەکانی "نیشتمان"دا بە نووسینی شیعر و بابەت بە توندی بەگژ شێخ و ئاغا و مەلاکاندا چوونەوە١١.

ئەم هەڵوێستەی (ژ_ک) کاردانەوەی ئەم چین و توێژانەی بەدواوە بوو و ئاغا، سەرۆک عەشیرەت و زۆربەی شێخ و مەلاکان نووکی هێرشیان ڕووی لە کۆمەڵە بوو و بە کۆمۆنیست و لە دین وەرگەڕاویان دەناسین، پێیان وابوو ئەگەر کۆمەڵەی ژ_ک لە کوردستان دەسەڵاتی وەچنگ کەوێ، ئەوان لە دەسەڵات دەکەون و ئەمە بەڕوونی لە نامەی ئاغایەکی کوردی باشوور کە (ژ_ک) بە ئەبوجەهل و ئەخنەس دەشوبهێنێ و بۆ ئاغایەکی کوردی ڕۆژهەڵاتی نووسیوە دەردەکەوێ: "کە دەستی منوو دامانی تۆ نەکەی بەهیچ بارێک لە پێناوی کوردایەتیدا تێبکۆشێ، چونکە کوردایەتی ملتزمی ئەمەیە هەموو لاوە خوێندەوارە گەنجە تازە پێشکەیشتووەکان بێنە سەرکار و ئێمە لە ژووری دیوەخانا دابنیشین (نیشتمان، ١٣٢٢: ژ ٦) بە گوێرەی بیرەوەرییەکانی د.ئاسۆ مەحموودزادە کە لەو سەردەمە ژیاوە، نە تەنیا ئەو چین و توێژانە بەڵکو بەشێک لە خەڵکیش لە کۆمەڵەی (ژ_ک) واتێگەیشتن کە بەنیازە سۆشیالیزم دابمەزرێنێ١٢.

## تەوەری دووهەم: پەیوەندی (ژ-ک) و یەکیەتی سۆڤیەتی

کۆمەڵەی (ژ_ک) بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی سەرەکیی خۆی واتە پێکهێنانی کیانێکی سەربەخۆی کوردی لە پشتیوانی دەرەکی گەڕاوە و لەم پێناوەدا هانای بۆ دوو زلهێزی ئەو سەردەم واتە بەریتانیا و سۆڤییەت بردووە١٣. بەڵام لەم بارەیەوە هەم پەیوەندییەکی لەگەڵ سۆڤیەت گەرم و گوڕتر بووە و هەم لە بابەتەکانی "نیشتمان"دا سۆز و لایەنگیری بۆ سیستەمی ئابووری_ کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە دەبینرێ. لە ژمارەکانی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦)ی نیشتماندا زنجیرە وتارێک لە ژێر ناوی "انقلابی گەورەی اوکتوبر" چاپ کراوە، کە تێیدا پەسن و تاریفی شۆڕشی ئۆکتۆبری کردووە و هەروەها وێنەیەکی پڕ بە لاپەڕەکەی "لێنین"، ڕێبەری شۆڕشی ئۆکتۆبری چاپ کردووە و لە ژێر وێنەکە نووسراوە:

باقییە ناوت ئەتۆ، گەرچی دەمێکە مردووی

نا لێنین! ماوی هەتا قیامەت هەتا ڕۆژی قیامەت زیندووی (نیشتمان، ژ ٢، ٣، ٤، ٥).

دیارە ناوی "لێنین١٤" ڕێبەری شۆڕشی سۆسیالیستی (١٩١٧) لە ڕووسیا چەند جاری دیکەش لە بڵاوکراوەکانی (ژ_ک)دا وەک ڕزگاریدەری کۆمەڵانی خەڵک لە دەستی زوڵم و زۆری قەیسەر هاتووە١٥.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

نووسەری وتار وێنایەک لە بارودۆخی پێش شۆڕشی (١٩١٧) لە سەردەمی قەیسەردا بەدەستە و دەدا کە چۆن چینی دەسەڵاتدار واتە چینی دەرەبەگ و سەرمایەدار کە کەمینەیەکی بچووکیان پێک دەهێنا خوێنی (٢٠٠) میلیۆن دانیشتووانی ڕووسیایان دەڕشت و دەرەبەگەکان بەدرێژایی ساڵ جوتیارەکانیان دەچەوساندەوە و خاوەن کارگەکان مافی کرێکارەکانیان زەوت دەکرد و بە وتەی نووسەر: " بە کورتی و بە کوردی هەموو نەتەوەی ڕووس نۆکەر و کرێکاری "چار" و "بۆرجوا"کانی ڕووسیا بوون (نیشتمان، ژ ٣، ٤) و ئەوە تەنیا بەلشەڤێکان و سەرکردەکانیان بوون کە لە خەمی چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە نالەبار و پەرێشانەدا بوون (نیشتمان، ژ ٣، ٤).

لە نێوەڕۆکی ئەو وتارەدا دەردەکەوێ کە نووسەر تەنیا ڕەوتی ڕووداوەکان و دەور و نەخشی "لێنین"ی تۆمار نەکردووە، بەڵکوو هێرشی کردۆتە سەر چینی دەسەڵاتداری سەردەمی قەیسەر کە بریتین لە دەرەبەگ و بۆرژواکان هاوسۆزیی خۆی بۆ دوو چینی کرێکار و جوتیار دەردەبڕێ و پرۆژە و بەرنامەی بەلشەڤییەکانی بە چارەسەری ئەو دۆخە دەزانێ و تەنیا ئەوە ئەوانن کە دەتوانن کۆتایی بەو دۆخە بێنن.

وادیارە نێوەڕۆکی بابەت گەلی لەم چەشنە لە چاوی "ئان لەمبتون" کارمەندی باڵوێزخانەی بەریتانیا لە تاران کە سەردانی کوردستانی کردووە شاراوە نەبووە و لە یادداشتی ناوبراودا هاتووە: ڕۆژنامەیەکی کوردی کە دەگوترێ بە نهێنی بڵاودەبێتەوە و قازی محەممەد لە چاپی دەدا، بەشداری تێدا هەیە. ڕۆژنامەکە بەگوێرەی قسەی ئەو پشتگیری لەسەربەخۆیی کوردستان دەکا و لەوەدەچێ وتاری لەسەر کۆمۆنزیمشی تێدا بنووسرێ" (سوڵتانی، ٢٠٠٥: ٦٨)١٦ ، دەبێ مەبەستی گۆڤاری "نیشتمان" بێ چونکی ئەو بڵاوکراوەیە بە نهێنی دەردەچوو و "کوردستان"، بڵاوکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئاشکرا چاپ و بڵاودەبۆوە.

لەڕووی پەیوەندیشەوە کۆمەڵەی (ژـک) تەنیا پەیوەندی گرتووە بە کاربەدەستان و ئەفسەرانی سوپای سۆڤییەت کە لە ئێران و بەتایبەت ئەوانەی لە کوردستان بوون، نە تەنیا هیچ شوێنەوارێک لەبەردەستدا نییە کە ئەم ڕێکخراوە پەیوەندی بە ئینگلیزییەکانەوە گرتبێ، بەڵکو هەڵوێستی نەیارانەشی بەرامبەر بە وڵاتە هەبووە١٧ و بە پێچەوانە لەلایەن کۆمەڵەی (ژـک) خۆپێشاندان ڕێک دەخرێ بۆ پێدانی ئیمتیازی نەوتی باکوور لە بەرژەوەندی سۆڤییەت، هەڵکردنی ئاڵای سوور لە ڕۆژی سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا و بەرزکردنەوەی وێنەی لێنین و ستالین لەلایەن کوردانەوە و بەڕێوەچوونی شانۆی "دایکی نیشتمان" لە چەندین شوێنی کوردستان کە تێیدا بە ئاشکرا کەسایەتی بە گریمانی سۆڤییەت دەوری ڕزگارکردنی کوردستان لە دیلی دەگێڕێ و پرسکردن بە نوێنەرانی سۆڤیەت کەچی بکەن و چی نەکەن و داواکردن لێیان کە نوێنەرێکی خۆیان بۆ ڕێنوێنکردن و یارمەتیدانی کۆمەڵەی (ژـک) بنێرن و چەندەها چاوپێکەوتنی نوێنەرانی (ژـک) لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتی١٨ و تەنانەت داواکردنی هەیئەتی ناوەندی (ژـک) کە دەوڵەتی کوردستان وەک برای کۆمارەکانی سۆڤیەت پەسەند بکرێ و بە ئەندامیەتیی یەکیەتیی سۆڤیەتی مەزن وەربگیرێ (گەوهەری، ٢٠١٠: ٩٣).

ئەم فاکتانە پتر جێگای شک و گومان ناهێڵنەوە کە (ژـک) لە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەم دوو دەوڵەتە بە تەواوی بەلای سۆڤیەتیدا داشکاندووە و ئەوە چ لە ڕووی پراگماتیستبوونی ڕێبەرانی (ژـک) بێ کە بوونی هێزەکانی سۆڤیەتی لە ناوچەکەدا وەک ئەمری واقع لێک دابێتەوە و چ لە ڕووی ڕوانینی کەسانێکی نێو ڕێبەری (ژـک) بێ بۆ سۆڤییەت وەک هێزێکی پشتیوان و ڕزگاریدەری گەلان و دۆستی نەتەوە بن دەستەکان، لە واقیعی بایەخپێدانی و مەیلی (ژـک) بۆ سۆڤیەت کەم ناکاتەوە.

ئەم فاکت و بەڵگانە ئەوە دەسەلمێنێ ئەگەر نە هەموو ڕێبەرانی کۆمەڵەی (ژـک) لانیکەم ژمارەیەک و بە واتایەکی تر باڵێکی نێو (ژـک) لە ڕوانینی بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە خانەی چەپدا شوێن دەگرێ و بۆ گەیشتن بە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد هیوا و ئومێدی لەسەر پشتیوانی یەکیەتیی سۆڤیەتی هەڵچنیبوو و هەر بۆیەش مەیل و سۆزی بۆ ئەم وڵاتە بە شێوازی جۆراوجۆر دەردەبڕی.

ئەگەر ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە لە دروستبوونی کۆمەڵەی (ژ_ک)دا حیزبی هیوا دەور و نەخشی هەبوو و باڵی چەپی هیواش کریس کۆچێرا گوتەنی: "بە ئاشکرا کۆمۆنیستە" (کوچرا، ١٣٧٣: ١٧٠) ناتوانێ شوێنەواری لەسەر (ژ_ک) دانەنابێ. هێمن موکریانی کە خۆی ئەندامی چالاکی (ژ_ک) و لە نووسەرانی "نیشتمان" بوو دەڵێ: "ئەندامانی کۆمەڵە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵەی کوردەواری پێکهاتبوون و جیاوازیی بیروڕای سیاسی و فەلسەفیان هەبوو، ئەگەر چاوێک بە ئۆرگانی کۆمەڵەدا بخشێنین ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ (موکریانی، ٢٧٠٨: ٤٧).

نادری ئینتیسار١٩ لەسەر ئەو باوەڕەیە گوتاری مارکسی و چەپ کە دەستی کرد بە چوونە نێو بڕیارەکانی کۆمەڵەوە زیاتر لە ڕێگەی چڕبوونەوەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵەوە لەگەڵ گرووپە کوردییەکانی عێراقدا ئەو گوتارە هاتە نێوەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵە هاریکاریی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوی (رزگاری کورد)دا پەرە پێدا کە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردی بوو لە کوردستانی عێراقدا و مارکسی و چەپەکان دەسەڵاتیان بەسەردا کردبووو، بڕیارەکانی رزگاری لەوەدا کۆدەبووەوە کە سنوورێک بۆ ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و پاشکۆکانیان دابنرێ (ئینتسار، ٢٠٠٤: ٤٦). سەید عەزیزی شەمزینی جەخت لەسەر هاوکاری و هاوپەیوەندیی ئەم دوو ڕێکخراوە دەکاتەوە و دەڵێ: "کۆمەڵە و حیزبی ڕزگاری کورد کە پاشان جێگای حیزبی هیوای گرتەوە٢٠ هاوخەبات و هاوکار بوون، نفووز و ناوبانگی کۆمەڵەی (ژ_ک) و حیزبی ڕزگاری کورد سەرانسەری کوردستانی گرتەوە و لە ژێر ئاڵاکەیاندا زۆربەی ڕێکخراوە سیاسییەکان، لاوان و ڕووناکبیران و چەپەکان کۆبوونەوە (شەمزینی، ٢٠٠٦: ٣١٨).

بە پێچەوانە ڕوانگەی وا هەیە کە کۆمەڵەی (ژ_ک) بە ڕێکخراوێکی ڕاست و پارێزگار پێناسە دەکا: " بیروباوەڕی کۆمەڵە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا هەڵوەشاندنەوەی لەسەر دەستی قازی محەممەد، بیروباوەڕێکی نەتەوەخوازیی ڕاسترەوانە بوو بە درێژایی ماوەی هەڵسوڕانی وەک ڕێکخراوێکی ڕیفۆرمیستی نەریتپارێز خۆی نواندووە (ئەسەسەرد، ٢٠١٢: ٤٢). ئەگەر مەرامنامەی ئیسلامیی کۆمەڵەی (ژ_ک) بەهۆکاری ڕاست بوونی ئەم ڕێکخراوە دابنرێ ئەوە دەبێ بگوترێ کە زۆر ڕەوت و ڕێکخراوی سیاسی هەبوون، کە جەختیان لەسەر پابەندبوونیان بە ئایینی ئیسلام لە بەرنامەکەیاندا کردووە و تەنانەت ناوی ڕێکخراو و حیزبەکەیان پاشگری ئیسلامی هەبووە، بەڵام پلان و تێڕوانینی چەپیان بۆ ئابووری هەبووە و سۆسیالیزمیان وەک ڕێگە چارەی دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردووە٢١ عەبباسی وەلی٢٢ پێی وایە: "نێوەڕۆکی ئایدۆلۆژیی کۆمەڵەی (ژ_ک) زۆرتر دەربڕی بابەتی کۆمەڵایەتی_ئابووریی پەیوەندیدار بە ستراکچەری چینایەتی کۆمەڵگەی کوردستان بوو و نیشتمان زۆرتر دەپرژایە سەر نایەکسانیی کۆمەڵایەتی نێوان هەژار و ساماندار لە کۆمەڵگەی کوردی و ململانێی هەژاری و لەبیرکرانی کۆمەڵانی خەڵکی کورد بەتایبەتی جوتیاران لەگەڵ کۆکردنەوەی سامان و داهات لە دەستی خاوەن موڵکەکان و بازرگانان (وەلی، ٢٠٠٤: ژ ٢/ ١٧٢). ئەم هەڵوێستانەی کۆمەڵەی (ژ_ک) دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەم چین و توێژانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان وەخۆبکەون و هەوڵ بدەن حیزبی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێن کە لەگەڵ دژکردەوەی (ژ_ک) بەرەوڕوو دەبن٢٣.

لە کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردستان کە تێیدا سیستەمی ئاغا و ڕەعیەتی و پەیوەندییەکانی عەشیرەیی لە ناوچە گوندییەکاندا زاڵ بوو، کۆمەڵەی (ژ_ک) بۆ یەکەم جار ڕچەشکێنی دەکا و لە بەرنامەکەی خۆیدا ڕایدەگەیەنێ: کۆمەڵەی (ژ_ک) بۆ پێشخستن و سەرخستنی کورد لە شەقامی شارستانیەتی (تمدن)دا بە هەموو هێز و توانای خۆی تێ دەکۆشێ تا بەیارمەتیی خوا ڕەگ و ڕیشەی عەشیرەت و عەشیرەتبازی کە سەرچاوەی هەموو چارەڕەشی

و بەســـەرهاتێکی تاڵ و گرینگ (ســـختە) بێنێتە دەر (کۆیی، ١٣٢٢). هەروەها ئەو چین و توێژانەی وەک ئاغا، شـــێخ، سـەرۆک عەشیرەت و مەلا نەیاندەتوانی بێنە ڕیزی ڕێبەری (ژ_ک). بێجگە لەمانە کۆمەڵەی (ژ_ک) یەکەم ڕێکخراوی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردســـتان بوو کە پڕوپاگەندەی بۆ چاکســـازی لە بارودۆخی ژیانی جوتیاران کرد و هانی ژنانی داوە بۆ هاتنە ڕیزی خەبات و نەهێشتنی نایەکسانی ڕەگەزی٢٤.

بەڕای ئێمە ڕێکخراوێک بە گرتنە پێشی شـێوازێکی نوێی خەبات٢٥ و بەگژداچوو بە سـیسـتەمی کلاسـیکی و نۆرم و بـایەخەکـانی نەریتی کۆمەڵگە لەلایەک و لەلایەکی دی بە هێنـانی ژنـان بۆ نێو ڕیزی خۆی و بە دوور خســـتنەوەی ڕێبەرانی نەریتی کە هەنگـاوێکی گرینگن بۆ بە مەدەنی بوونی کۆمەڵگە، نـاتوانرێ بە نەریتپـارێز پێناســەبکرێ. گرنگی ئەو هەنگاوانەی کۆمەڵەی (ژ_ک) بۆ هەڵتەکاندنی سـیسـتەمی کلاسـیکی و نەریتی کاتێک زەقتر دەردەکەوێ کە بە قولایی کۆنەپارێز بوونی کۆمەڵگەی ئەوکاتی کوردستان ئاشنابین٢٦.

بەهۆی ئەم هەڵوێستانەی بوو کە کۆمەڵەی (ژ_ک) لەلایەن چین و توێژە نەریتپارێز و بالادەستەکانی کۆمەڵگە بە توندی هێرشیان دەکرا سەر و بە کۆمۆنیست و لەدین وەرگراوە دەناسران و (ژ_ک) لە بەرامبەر ئەم هێرشانەدا نـاچاربوو کە ڕوونکردنەوە بدا و بڵێ: "چەند کەســـێک لەم بێ مێشـــکانە کە کتێبی دیاری و ژمارەی یەکەمی "نیشتمان"یان خوێندبۆوە و لایەنگیری و تمایلی ایمەیان بەلای حکومەتی سووەتدا دیبوو، گوتبوویان آرمانی کۆمەڵەی (ژ_ک) بلاوکردنەوەی مەسلەک و باوەری کۆمونیزمە، ئەم قسـەیە بێشک لە سـەرچاوەی تەبلیغاتی فاشیسـتەکان آو ئەخواتەوە، دەنا ایمە کۆمونیســت نین و ئەگەر کومونیســتیش بین جێگای هیچ اعتراضـێک بۆ خەڵک نییە (نیشـتمان، ١٣٢٣: ژ ٢).

بێ گومان کەســـانێک لەنێو ڕێبەریی (ژ_ک)دا هەبوون کە ئایدۆلۆژی مارکســـی_لینینی‌یان هەبووبێ، بەڵام ڕێباز و ســـیاســـەتی گشـــتیی کۆمەڵەی (ژ_ک) کۆمۆنیســـتی نەبووە و ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئەم ڕێکخراوە بە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێست و تێڕوانینی بۆ کێشە ئابووری_کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بە ڕەوتێکی ڕاست و نەریتپارێز دابنرێ و ئەگەر بوونی دوو باڵ و دوو تێڕوانینی (چەپ و ڕاست) لە نێو (ژ_ک)دا بووبێ، وادەردەکەوێ کە باڵی چەپ دەستڕۆیشتووتر بووە٢٧ و ئەوە لە گوتار، ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی (ژ_ک)دا بە زەقی دەردەکەوێ. هەڵبەت ئەو ناکۆکی و جیاوازییە لەســـەر لایەنگری لە ڕادیکالیزمی ئابووری_کۆمەلایەتی بووە و بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە کە ڕێباز و ستراتیژیی کۆمەڵە لە هەمبەر کێشەی نەتەوەیی گرتبێتەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## پەراوێزەکان:

١- لەســــەردەمی کۆتایی دەســــەڵاتی ڕەزا شـــا و لە کەش و هەوایەکی ســـیاســـی پۆلیســـی و دیکتاتۆرانەدا یەکەم ڕێکخراوی ســـیاســـی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بەناوی حیزبی ئازادیی کوردســـتان لە مانگی جونی ١٩٣٨ لەدایک بوو. بەهۆی نەهێنی کاری و هەڵسورانی پڕ مەترسی ئەو قۆناخە تا ئێستا بە ڕوونی ناوی بناغە دانەرانی و دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە لە ســــەرچاوە مێژووییەکاندا نەخراوەتە بەرچاو، بەڵام بەگشـــتی ناوی بەشـــێک لەوانە دەرکەوتووە، کە تێکڕایان لاوی مەهابادی بوون، وەک: حوســـێنی فروهەر (زێڕنگەران)، کەریم یاهو، مەحموود رابتی، حوســـێنی میکائیلی، محەممەد نانەوازادە بە ســــەرۆکایەتی ڕووناکبیری مەهابادی "عەزیز مەلا زەندی" کە بە "عەزیز ئەڵمانی" یاخوود "دکتۆر عەزیز زەندی"ش ناودەبرێ (سەردەشتی، ٢٠١١: ١٦٥)

٢- ناســـــر باباخانی کە لێکۆڵینەوەیەکی لەســــەر زەبیحی بە ناوی (عبدالرحمن زبیحی کاریزمای ناتمام) ئەنجامداوە دەڵێ: لە پێوەندی لەگەڵ ناوی کۆمەڵەی ژێکاف ڕای جیاواز هەیە، هەندێک لە مێژوونووســـــان بەناوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" و بەشێکی تر بە ناوی "کۆمەڵەی ژیانی کورد" و هەندێکی تر بە ناوی "کۆمەڵەی ژیانی کوردستان و دواجار بە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" ناویان هێناوە (باباخانی، ١٣٧٨: ١٠).

٣- هەروەها لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی یەکیەتیی سۆڤیەتدا هاتووە لە چاوپێکەوتنی زەبیحی و مستەفا ئیلخانی زادە لە ڕێبەرانی (ژـک) لە ١٣ی ســــیپتێمبەری ١٩٤٤ لە پەیوەندی لەگەڵ ناوی کۆمەڵەی (ژـک) زەبیحی گوتی: ئەم ڕێکخراوە دوو ســـاڵە پێک هاتووە و ناوی پارتی ژێکافە و مانای (پارتی ژیانەوەی کوردســـتان)ە. (هەورامی، ٢٠٠٦: ١١٢).

٤- مەلا قادر مودەریســـی کە خۆی یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژـک) بووە بناغەدانەرانی (ژـک) بەم جۆرە ناودەبا: "موحەممەدی نانەوازادە، ٢- ڕەحمان زەبیحی، ٣- حوســـێنی فروهەر، ٤- عەبدولرەحمان ئیمامی، ٥- قاســـم قادری، ٦- مەلا عەبدوڵای داوودی، ٧- موحەممەدی یاهوو، ٨- ســــەدیق حەیدەری، ٩- عەبدولرەحمان کیانی، ١٠- مەلا قادر مودەریســـی (ســـەمەدی، ١٩٨٠: ١٥). ڤیلیام ئیگلتون نووســــەر و دیپلۆماتی ئەمریکی ناوی دامەزرێنەرانی (ژـک) بەم چەشـــنە نووســـیوە: (١- ڕەحمان حەلوی، ٢- محەممەد ئەمین شـــەرەفی، ٣- محەممەد نانەوازادە، ٤- ڕەحمان زەبیحی، ٥- حوســـین فروهەر، ٦- عەبدولڕەحمان ئیمامی، ٧- قاســـم قادری، ٨- مەلا عەبدوڵلا داوودی، ٩- قادر مودەریســـی، ١٠- ئەحمەد عیلمی، ١١- عەزیز زەندی، ١٢- محەممەدی یاهو، ١٣- میرجاح لە عێراق (ئیگلتن، ١٣٥٨: ١٠٥)، نەوشیروان مستەفا لەم بارەیەوە دەڵێ: ڕەنگە هەندێ لەمانە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە نەبن، بەڵام دەبێ هەموویان لە گەشەپێدان و بەهێزکردنیدا بەشدار بووبن (ئەمین، ١٩٩٢: ٥٩).

٥- بۆ نموونە کەســـێکی وەک عەبدولڕەحمانی زەبیحی لەبەرچاوبگرن کە تەقدیر وابوو نەخشـــێکی ڕێبەرایەتی لە بزووتنەوەی مەهاباد بگێڕێ، ئەو سەر بە بنەماڵەیەکی وردە بورژوازیی بازاری بوو، تەنیا لە یەک ژووردا دەژیان. لە تەمەنی پازدە ساڵی وازی لە مەکتەب هێناوە و بە دەرس دانی کوردە ئاغاکان خۆی دەژیاند (مەکداول، ٢٠٠٢: ٤٩٣).

٦- بۆ وێنە لە ژمارە (٣)ی نیشـــتماندا وتارێک هەیە بەناوی (بەهەشـــتی بەختیار) لە نووســـینی (م. نادری ٧٦٠) و لە ژمارە (٦)دا وتارێکی تر بەهەمان شـــێوە چاپ بوو بەناوی (بۆچی گەورەکانی "قریش" موســـــوڵمان نەدەبوون؟) لە نووســـینی (ع.بێژە-٣) و لە ژمارە (٣ و ٤)دا کە بەیەک ژمارە دەرچووە لە بەشـــی (طبی)دا وتارێک بەناوی (ئەلکۆل) بڵاوکراوەتەوە و تێیدا چەندین ئایەتێک لەسەر حەڕامبوونی (ئەلکۆل) هێندراوەتەوە (نیشتمان، ژ ٢ و ٣ و ٦).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

٧- ئەم شەش مەبەستانە بریتی بوون لە ١- خیانەت بە نەتەوەی کورد نەکات، ٢- کۆشش بۆ خودموختاری کوردان بکات، ٣- هیچ ڕازێکی کۆمەڵەکە نە بەزمان، نە بە قەڵەم، نە بە ئیشارە، ئاشکرا نەکات، ٤- هەتا ئاخیری عومری هەر ئەندام بێت، ٥- تەواوی پیاوانی کورد، بە برای خۆی و تەواوی ژنانی کورد بە خوشکی خۆی بزانێ، ٦- بەبێ ئیزنی کۆمەڵەی ژێ کاف نەبێتە ئەندامی هیچ ڕێکخراو و دەستەیەکی تر (سەمەدی، ١٣٦١: ١٤).

٨- ملکی خاوەن مولکەکان دەگاتە ٧٨% ی هەموو زەوییە بەراوەکان (قاسملوو، ١٩٧٣: ١٤٦).

٩- بۆ زانیاریی پتر لەمەر ستەم و چەوسانەوەی دانیشتووانی گوندەکان و بەتایبەت جوتیاران بە هۆی دەرەبەگ و ئاغاوەتی کورد لەو سەردەمە بڕوانە (قاسملوو، ١٩٧٣: ١٨٠-١٩٩). قادر دەباغی کە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ_ک) بوو و خۆی لە نزیکەوە شاهیدی ڕووداوەکان بووە، دەڵێ: عەشایەربازی خان خانانی دامەزراو نە تەنیا دێهات بەڵکوو لە شارەکانیشدا حکومەتی دەرەبەگایەتی بەسەر خەڵکدا حوکمی دەکرد، باجیان دەستاند، عەواریزیان وەردەگرت، ملک و زەوی و زاری بێ دەسەڵاتیان داگیر دەکرد (دەباغی، ١٣٦٧: ٤٣).

١٠- بۆ وێنە لە یەکەم بڵاوکراوەی کۆمەڵەی (ژ_ک)دا کە بەناوی "دیاری کۆمەڵەی (ژ_ک) بۆ لاوانی کورد هاتووە: "کۆمەڵەی (ژ_ک) بۆ پێشخستنی کورد لە شەقامی شارستانیەتی (تهران)دا بە هەموو هێز و توانای خۆی تێ ئەکۆشێ تا بەیارمەتیی خوا ڕەگ و ڕیشەی عەشیرەت و عەشیرەت بازی کە سەرچاوەی هەموو چارەڕەشی و و بەسەرهاتی تاڵ و گرنگ (سختە) بێنێتەدەر" (کەریمی، ٢٠٠٨: ١٩٣).

١١- لە زۆربەی ژمارەکانی "نیشتمان"دا لە بابەتێک کە بەناوی "دەردی دەروون" کە دەمەتەقێیەکی دوو کەسییە لە نێوان بایز و باپیردا چینی ئاغاوەت دەکەوێتە بەر تیر و توانج و هێرش. بڕوانە "نیشتمان" ژمارەکانی (٢، ٣، ٤، ٥، ٧، ٨، ٩). هەژاری موکریانی کە یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی (ژ_ک) بوو لەم بارەیەوە دەڵێ: "جارێک ڕووسان زۆر پیاو ماقوڵی وڵاتیان بۆ باکۆ بانگ کرد کە عەلیاغا و قەرەنیاغا و حاجی بابە شێخ و زۆر ئاغای تریش لەو بانگکراوانە بوون، کە هاتنەوە بیستمان باقرۆفی سەرۆکی وەزیری ئازەربایجانی ڕووسیە گووتبووی چیتان دەوێ بۆتان پێک بێنین، یەک دەڵێ: شەکر، یەک دەڵێ: زینی عروسی، دەمانچە. من دەمەتەقێیەکەم لەسەر نووسین و لە نیشتماندا چاپ کرا، تێرم گاڵتە بە عەقڵیان کردبوو، عەلیاغا هەڕەشەی کردبوو کە ئەو شاعیرە هەر دەکوژم، ماوەیەکی زۆر نەمدەوێرا بە گوندی ئەودا بڕۆم و ڕێگەم بۆ شاری سابڵاغ گۆڕیبوو (موکریانی، ١٩٧٧: ٧٠). ئەمەش نموونەیەک لەم دەمەتەقێیە:

١٢- مەحموودی قادر زادە (د.ئاسۆ) چالاکی سیاسی ئەو ساڵانە سەبارەت بە (ژ-ک) دەڵێت: ڕۆژێک لەو ساڵە پڕ ئاژاوە و نا ئەمنانە بوو کە لەگەڵ خوالێخۆشبوو عەزیزی فەرهادی بەڕێگەدا دەڕۆیشتین و گوتیان عەزیز کرمانج لە بەردەم شارەداری وتار دەدا، بە پێی قسەی خەڵک و ئەو ڕاستیانەی لەبەرچاوبوون، عەزیز کرمانج لەژێر کاریگەریی حوسێنی فروهەر (زیرینگەران) (سەرۆکی کۆمەڵە) دەیەویست شۆڕش بکا و سۆسیالیزم جێگیر بکا. (قادرزادە، ١٣٧٤: ٣٣).

١٣- لە "نیشتمان"ی ژمارە ٣ و ٤دا وتارێک لە ژێر ناوی "جوامێری و مەردم دۆستی بەریتانیای گەورە"دا دەنووسرێ: "کورد ماوەییەکی زۆر لە مێژە هەستی بە نەجابەت و مرۆڤ خۆشەویستی بەریتانیا کردووە، ئەم حکوومەتە گەورەیە بە درێژایی مێژووی ئیمپراتۆریەتی خۆی هەمیشە پارێزگاری ئازادی و سەربەخۆیی و پەروێنەرو و پێکهێنەری نەتەوە بچووکەکانی گیتی بووە .."

١٤- لینێن: ویلادیمێرتیلیچ ئولیانوف (لێنین) ١٨٧٠-١٩٢٤ لە بنەماڵەیەکی خۆشبژی شاری سیمبێرسک لە دایک بوو، باوکی پشکنەری کاروباری پەروەردەیی بوو. لێنێن حزبی بەڵشەفی وەک حیزبێکی بەدیسپلین و پێڕەوی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

"سانترالیزمی دیموکراتیک" دامەزراند کە لە ساڵی ١٩١٧ ناوی گۆڕا بۆ حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت. لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش لە ئوکتوبەری ١٩١٧ بوو بە دامەزرێنەری یەکەم وڵاتی سۆسیالیستی لە جیهاندا (لاوئیسک، ١٣٦٤: ٢٩). (بۆ زانیاری پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: دانیش، ١٣٤٩).

١٥- لە شیعری "ئاخافتنی خوشک و برایان" هێمن موکریانی کە هانی کچی کورد دەدا کە خۆی لە ژێر دەستەیی و دیلی ڕزگاربکا، دەڵێ:

دیدە گیان: کچە کوردی ژیکەڵە

داوێنی پاکت دووربێ لە پەڵە

"لەنین" هەڵستا ظڵمی "چار" شێوا

تۆ هێشتا حەپسی لە ژێر چار شێوا (نیشتمان: ژ ٣ و ٤).

لە دیاری کۆمەڵەی (ژ_ک) بۆ لاوەکانی کورددا، زەبیحی شیعرەکانی خۆی تێکهەڵکێشی شیعرەکانی مەلا محەممەدی کۆیی کردووە و بە شۆڕشەکەی گەلانی سۆڤیەت و لینین و سیستەمی سۆسیالیستی و ئالای سۆر هەڵدەڵێ و ڕقی خۆی بەرامبەر بە نیزامی ئیمپریالیستی و نازیسم دەردەبڕێ:

سەیاحەت بکەن بچن بۆ سووەڤیستان

بزانن چۆن بە خێرایی هەڵستان

لەقەومی ڕووس چە ظڵمێکی ئەکرد (چار)

هەمووی ژەهری ئەخوارد ملت بە ناچار

١٦- سوڵتانی لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا دەنووسێ: دەبێ مەبەست لە ڕۆژنامەکە گۆڤاری نیشتمان، ئۆرگانی کۆمەڵەی (ژ_ک) بێ کە ژمارەی یەکەمی لە مانگی پوشپەڕی (جولای) (١٩٤٣ز-١٣٢٢ه) دەرچووە و دوا ژمارەی (ژمارە ٩) بە سێ مانگ پێش سەفەری لەمبتون بڵاوبۆوە. ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ساڵێک و سێ مانگ دوای سەفەری لەمبتون لە ١٥ی دیسەمبەری (١٩٤٥)دا ژمارەی یەکەمی دەرچووە.

١٧- بۆ وێنە: لە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی (ژ_ک) کە بۆ کاربەدەستانی یەکیەتیی سۆڤیەت نێردراوە، تێیدا هاتووە: لەلایەن سەفارەتی ئینگلیزەوە لە بەغداد گۆڤارێک بە ناوی "دەنگی گێتی تازە" لە ٤٨ پەڕ و ٩٦ لاپەڕاندا بڵاودەبێتەوە. سەفارەتی ئینگلیز ئەو گۆڤارە بە پۆست بۆ سەرۆک عەشیرەتە کوردە ئێرانییەکان دەنێرێ، کە ژمارەیەکی کەم دەیخوێننەوە، ئینگلیسەکان لەم ڕوانگەوە کە کوردەکانی عێراق ئۆرگانی ئێمە "نیشتمان" دەخوێننەوە دەستی داوەتە بڵاوکردنەوەی "دەنگی گێتی تازە" (بەشێک لە ڕاپۆرتی نێردراو لە ئێرانەوە بۆ "گ.م دیمیتروف" سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و پارتی ژێکاف لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥، ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەم (ف ١٧/ ئو ١٢٨/ د ٤٤/ ل ٧٣-٧٩) وەرگیراو لە: (گەوهەری، ١٩٩٩: ٧٧) هەروەها کۆمەڵە لە بەندی ٨ی نامەکەیدا کە بەهۆی ئیدارەی مەحەلیی شاری مەهاباد لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٢-١٩٤٣دا ئاراستەی مستەفا بارزانی کردووە، دەڵێ: "لەهەمووی موهیمتر پێویستە بە سورەتێکی مستعجل استشهادی خۆتان بەیان بکەن بە خصوصی ڕای ئینگلیس بەرامبەر ثەورەی ئێوە، گفتگویان لەگەڵ ئێوە چییە چونکە ئێمە ئەزانین بە تصادف نابێ ئینگلیس لەم ثەورەیەدا بێ دەخڵ بێ". (بارزانی، ٤٤٨-٤٤٩). لە ڕاپۆرتی کونسوڵخانەی بەریتانیا لە تەوریز سەبارەت بە هەوڵی تێکدان و بەردەباران کردنی ئەکیپی "پێوەندییە گشتییەکانی بەریتانیا" کە بە نیشاندانی فلیمێک لە گۆڕەپانی شاری مەهابادا مەشغوڵ بوون هاتووە: پێشتر هیچ هەستێکی تایبەتی دژ بە بەریتانیا لە مەهاباد نەبینراوە، بەڵام ئەنجوومەنی سەربەخۆیی کورد_کۆمەڵە_بە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

گەرموگوڕی لایەنی سۆڤیەت دەگرێ و ئەم ڕووداوە وا هەیە لە زهنی چوارچێوەداری کەسانی توندڕەو لە مەهاباد دا بە دژایەتیکردنی بەریتانیا واتا بکرێتەوە. (سوڵتانی، ٢٠٠٥: ١٣٨).

١٨- بۆ زانیاری لەسەر ئەم فاکتانە بڕوانە: (هەورامی: ٢٠٠٦: ١٠٣-١٩٧). محەممەد شاپەسەندی کە خۆی ئەندامی (ژ_ک) و لە کاری چاپی نیشتماندا لە تەورێز هاوکاری زەبیحی بووە لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: زەبیحی بەهۆی کونسوڵگەری سۆڤیەتەوە لە تەورێز دوو نامەی بە زمانی کوردی و ئازەری سەبارەت بە مەسەلەی کورد ئاراستەی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت کرد (ساڵح، ٢٠٠٧: ٣٥).

١٩- نادری ئینتسار: پرۆفیسۆری بە ئێرانی ڕەگەز لەبواری زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی ئالاباما لە ئەمریکا. (ئینتیسار، ٢٠٠٤: ٨).

٢٠- حیزبی ڕزگاری لە شوباتی (فێبریواری) ١٩٤٥ دامەزرا. (قادر، ٢٠٠٥: ١٠٤).

٢١- بۆ وێنە هەر لە سەروبەندی دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ_ک) لە ئێراندا ڕێکخراوێک لە ساڵی (١٩٤٣) بەناوی "بزاڤی خواپەرەستانی سۆسیالیست" دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە خوێندنەوەیەکی تایبەتی لە ئایینی ئیسلام هەبوو و پێیان وابوو لەوێڕا کە ئیسلام لە نێوەڕۆک و دەروونی خۆیدا دینێکی دادپەروەر و لە ئەساسدا ئامانجی دابینکردنی دادپەروەری و کەرامەت و ئازادی و پێگەیشتوویی مرۆڤە، کەوابوو دەبێ لە هەر زەمەنێکدا گونجاوترین ڕێگە بۆ دۆزینەوەی پێگەشتنیان بگرینە بەر و لە سەردەمی ئێمەدا سۆسیالیزم باشترین فۆرمە بۆ دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی هەر بۆیە نابێ موسوڵمانەکان لە گرتنە بەری ئەم چارەسەرییە گومانیان هەبێ. بۆ زانیاری زۆرتر لەم بارەوە بڕوانە: (نکوروح، ١٣٧٧). بە دروستبوونی حوسینیەی ئیرشاد لە ئێران لە دەیەی (٦٠) دیاردەیەک بە ناوی عەلی شەریعەتی دەرکەوت کە بە ئیدئۆلوگی شۆڕشی ئیسلامی ناو دەبرێ، بیر و ئەندێشەی شەریعەتی پێکهاتەیەک بوو لە ئیسلام، مارکسیزم و ئیگزسیتیانیسالیزم کە بواری ڕەخساند بۆ پەرەسەندن و بەهێزکردنی بنەماکانی فکری_کولتوری خوێندنەوەی چەپ و ئیسلام کە لە ئەنجامدا بەناوبانگترین ڕێکخراوی چەپی ئیسلامی بەناوی موجاهیدینی گەلی ئێران پێک هات، کە تێکەڵاوێک بوو لە ئەندێشەکانی ئیسلامی لەگەڵ مارکسیزم بەخوێندنەوەی حیزبی تودە (رجائی: ژ ٥٩، ٢١). ڕێکخراوی موجاهیدینی گەل کە لە ساڵی (١٩٤٥) لە ئێران دامەزرا بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە پاش ڕووخانی ڕژێمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی، شۆڕشگێران کۆتایی بە بەستراوەیی ئێران بە ڕۆژئاوا دێنن و هەوڵ دەدەن بۆ ئابوورێکی سەربەخۆ، ئازادیی بەیان، سەر لە نوێ دابەشکردنەوەی سەروەت و سامان و بە کورتی و بە پوختی دامەزراندنی سیستەمێکی بێ چینی تەوحیدی. لە ڕاستیدا ئەم ڕوانگە و هەڵوێستانە ئەوەندە لە بیروبۆچوونی ڕێکخراوی چریکە فداییەکان کە ڕێکخراوێکی مارکسی_لینینی بوو نزیک بوو کە ڕژێمی پەهلەوی ڕێکخراوی موجاهیدینی بە مارکسیستە ئیسلامییەکان ناو دەبرد. (بڕواند آبراهامیان، ١٣٨٣: ٦٠٧).

٢٢- عەبباسی وەلی: لەدایکبووی (١٩٤٩) شاری مەهاباد، بڕوانامەی ماجستێر لە زانکۆی (کیل)ی بەریتانی و تێزی دکتۆراکەشی لە زانکۆی لەندەن وەرگرتوە. بڕوانامەکانی لە بواری زادستی سیاسی دایە و ساڵەکانی (١٩٨٣-١٩٨٦) لە زانکۆی لەندەن مامۆستا بووە و لە ساڵی (١٩٨٦ تا ٢٠٠٤) مامۆستای زانستی سیاسی بووە لە زانکۆی وێڵز و پرۆفسۆری میوانیشە لە بەشی کۆمەڵناسی و زانستی زانکۆی (بوغازیچی) ئەستەمبوڵ (گزینگ، ١٩٩٢: ژ ١٢/ ٨).

٢٣- هەژاری موکریانی لەم بارەیەوە دەنووسێ: "جارێک خەبەریان هێنا، کە دەوڵەمەندی شاری حیزبی خۆیان لە دژی ئێمە دروست دەکەن و شەو لە مزگەوتی سەید نیزام کۆدەبنەوە. قەرار درا لێیان تێکدەین، بەڵام نەش دەبوو بناسرێین. حوسێنی سەرۆکمان (فروهەر) پاش کێشە و هەرای زۆر ئەو ئەرکەی خستە سەر شانی خۆی. ئەو بەجلێکی گوڕاو و دەم هەڵپێچراو لە مزگەوت چووبووە ژوور و دەمانچەی دەرهێنابوو کە واو واو... لێکراوینە ڕۆح

بۆ کوێ دەبەن؟ ئەو هەموو دەوڵەمەندە قەڵەوانە وەک جندۆکەی بسمیلا لێکرا و هە ئەوەندەیان بۆ کرا لە پەنجەرەوە بازبدەن و خۆ دەربازبکەن (موکریانی، ١٩٧٧: ٦٨).

٢٤- بۆ وێنە لە شـــێعری ئاخافتنی خوشـــک و برایان، برایەک هانی خوشـــکی دەدا کە نابێ دیلی و ژێر دەســـتی تەحەممول بکا چون ئەوانی تر کە مەبەســتی کچانی یەکیەتی ســۆڤیەتییە ڕزگاربوون و ئەو هێشــتا لە ژێر چارشــێو دایە.

براکان:

دیدە گیان: کچە کوردی ژیکەڵە

داوێنی پاکت دووربێ لە پەلە

"لەنین" هەڵسا ظلمی "چار"شێوا

تۆ هێشتا حەپسی لە ژێر چارشێوا (نیشتمان، ژ ٣ و ٤).

لە هەمان ژمارەی نیشــتماندا (٣ و ٤) بە ناســاندنی حەیران خانمی دونبلی لە ژێر ناوی "ژنێکی بوێری کورد و چاپی شیعرێکی ناوبراو، لە مایەی دڵداریدا، سەرکەوتنی ژنی کورد لە بواری شێعردا دەسەلمێنێ. لە ژمارە (٧ و ٨ و ٩)ی نیشــتمان دا لە ژێر وێنەی دوو کچی کورد کە لە تورکیا ئێعدام کراون، پارچە شــیعرێکی لە بارەیانەوە چاپ کردووە، کە بەم بەیتە کۆتایی دێت:

ئەو دوو نەمامە بوون بە فیدای نیشتمانی کورد

ئەی خۆزگە بەو کوڕەی وەکوو ئەو دوو کچانە بێ

ئەوەی جێگای ســەرنجە ئافرەتانی کورد ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان لە چالاکییەکانی کۆمەڵەدا بینیوە، ڕابەرانی کۆمەڵە لە کوردســتانی عێراقدا هەوڵی پێکهێنانی لقێکی ئافرەتانیان داوە، لەم بوارەشــدا ناهیدە شــێخ ســەلام و نەعیمە ئەحمەد (خوشـــکی برایم ئەحمەد) دەورێکی باڵایان بینیوە و توانیویانە کاروباری لقەکە بەڕێوەببەن و ژمارەیەک لە ئافرەتان لە دەوری کۆمەڵەدا کۆبکەنەوە، لەو ئافرەتانەی کە لە ڕێکخســـتنەکانی کۆمەڵەدا کاریان کردووە (زەکیە بابان، لوتفیە مەلا سدیق، فەخریە خان، حەلاوە خانی کچی شێخ مەحموود، شــەفیقەی خێزانی جەمال خەفاف و شــەفیقە ســەعید و فاتمەی حەمەی ساڵە سوور و کەتان خان بوون. (قادر، ٢٠٠٥: ٦٩ ؛ سالّح، ١٩٩٩: ٣١، ٣٣).

٢٥- کۆمەڵەی (ژ_ک) شـــێوازی خەباتی چەکدارانە کە میتۆدێکی نەریتی کوردان لە ڕابردوو و لەهەموو بەشـــەکانی کوردســتان بوو وەلا دەنێ و گرینگی بە خەباتی فەرهەنگی و بردنە ســەرێی پلەی وشــیاری مێژوویی و کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵ دەدا. مەلا قادر مودەریســـی لە دامەزرێنەرانی (ژ_ک) لەم بارەیەوە دەڵێ: بزاڤی چەکداری تەنیا زەمانێک تەئیید دەکرا کە هەم پلەی فەرهەنگی گشــتی تا ڕادەی پێویســت چووبایە ســەرێ و ڕێکخراویش ئەوەندە بەهێز بایە و پەیوەندی لەگەڵ تەواوی ناوچەکانی کوردســـتانی گەورە ئەوەندە بایە کە لەیەک کاتدا و هاوئاهەنگ لە کوردســتانی ئێران_عێراق_تورکیە_ســووریە، ڕاپەڕین دەســتی پێکردبا، چونکە ئەوەش ئامانجێکی زۆر نزیک نەبوو، زۆری خۆ پێوە ماندوو نەدەکرا (ســـەمەدی: ١٣٦١: ١٤). لە یەکەم ژمارەی "نیشـــتمان"دا کۆمەڵە لە پەیوەندی لەگەڵ خەباتی چەکدارانە هەڵوێستی خۆی ئاوا بەیان دەکا: زۆر کەس وا لێک ئەدەنەوە کە ئەبێ نەتەوەی کورد بە زۆر و بە نیروی چەک لە دیلی رزگار بکرێ، بەڵام ئەوانە هەموو بەهەڵەچوون و ڕێگای ڕاســـتییان لێ ون بووە و ئەبێ کورد بزانێ ایمرو تفەنگ لە چاو گوللەپژێن و تۆپ و فرۆکە و تانک و ... تۆقتۆقەیەک زیاتر نیە. تەنیا ڕێگەیەک ئەبێ بەرەو سەربەستی بێ یا بڕوا، شەقامی شارستانیەتیە، ئەم ڕێگایە ڕاست و ڕەوان ئەچێتە نێو مێرگی ئازادی و ســەربەستی (نیشتمان، ١٣٢٢: ژ ١).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

٢٦- مەلا قادر مودەریسی لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ-ک) بەم چەشنە باس لە کەش و هەوای زاڵی کۆنەپارێزی ئەو ساڵانە لە کوردستاندا دەکا: "بەو مەرجەی دەنگیان بە نوێنەری پەرلەمان دەدا کە هەوڵ بدا تەنیا مەکتەبی ناوەندی لە شاری مەهاباد دابخرێ" (سەمەدی، ١٣٦١: ١٠). شانۆی "دایکی نیشتمان" کە وەک خاڵی وەرچەرخان لە یادەوەریی خەڵکی کوردستان مایەوە، نەیتوانی ئەکتەرێکی ژن بۆ بەرێوەبردنی ئەو ڕۆڵە پەیدا بکا و هەموو ئەکتەرەکان پیاو بوون و تەنانەت هەندێک لە ئەکتەرە گەنجە پیاوەکان لەلایەن باوکە ساماندارەکانیان بەرگیرییان لێ دەکرا چون بەچاوی سووک سەیری ئەو چالاکیانەیان دەکرد و پێیان وابوو لەگەڵ پێگەی بەرزی چینایەتیی ئەوان ناگونجێ و ئەوە دەبوو منداڵانی سەر بە چینەکانی خوارەوە پێی هەڵستن (مجاب: ٨٩).

٢٧- د.عەبدوڵلا ئەبریشەمی کە زاوای قازی محەممەدە و کەم و زۆر شاهیدی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەیە دەڵێ: "زۆربەی ڕێبەرانی ڕیزی پێشەوە و دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ_ک) (کە قازی موحەممەد لەگەڵیان نەبوو) هەر لە سەرەتاوە مەیلیان بەرە چەپ بوو، لەوانەشە لایەنگری حیزبی تودە بووبن. ئەبریشەمی ناوی پێنج کەس لەمانە دەبا کە بریتی بوون لە (عەزیز زەندی، حوسێن فروهەر، محەممەد نانەوازادە، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، غەفوور مەحموودی. لەم پێنج کەسە عەزیز زەندی سەرۆکی حیزبی ئازادی و فروهەر و زەبیحی سەرۆک و سکرتێری کۆمەڵەی (ژ_ک) بوون (ابریشمی، ١٣٨٣: ١٧٢).

## ئەنجام:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

١- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان وەک یەکەم ڕێکخراوی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر دەستی کۆمەڵێک دەستەبژاری سەر بەچینی مام ناوەند لە مەهاباد دامەزرا.
٢- کۆمەڵگەی ئەوکاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەڕووی ئابووری-کۆمەڵایەتییەوە ڕژێمی دەرەبەگایەتی بەسەریدا زاڵ بوو و چەوساندنەوەی جوتیاران لەڕێگەی زەوی بە توندی پەیڕەو دەکرا.
٣- هەرچەندە تێڕوانینی ئاینی لەبەرنامەی (ژ-ک)دا ڕەنگی داوەتەوە بەڵام لە هەمانکاتدا (ژ-ک) بیری یەکسانی و دادپەروەری و هەڵتەکاندنی سیستەمی دەرەبەگایەتی و عەشیرەیی دەکا.
٤- (ژ-ک) لە ئەنجامی تێڕوانینی پراگماتیستی خۆیدا بۆ داکۆکی لە مافی نەتەوەی کورد سۆز و لایەنگری بۆ یەکیەتی سۆڤیەت هەیە.

**الملخص:**

دخل الفكر اليساري كوردستان بطرق مختلفة منها الحزب الشيوعي الايراني، حزب تودة و دخول قوات الجيش الاحمر الى ايران للدفاع عن جمهورية كوردستان.

الدعاية اليسارية للعدالة ومقاومة الظلم والاستبداد جذب انتباه طبقة النخبة والمثقفين الكورد اليساريين.

جمعية الانبعاث الكوردستاني (ژ.ک) ١٩٤٢ تمثل اول منظمة قومية كوردية في شرق كوردستان كان لها تاثير واضح رغم الانطباع عنها كمنظمة قومية دينية كانت متاثرة بالفكر اليساري الى حد مهاجمة النظام الاقطاعي في كوردستان كنظام اقتصادي واجتماعي وفي ذات الوقت اعلن دعمه لطبقة الكادحين لاسيما الفلاحين.

جمعية (ژ.ک) لاجل الوصول الى اهدافه في تاسيس كيان كوردي مستقل لجأ الى القوى الخارجية لاجل تحيق اهدافه حاول تقوية علاقاته مع الاتحاد السوفيتي حتى في نشراته الدورية كان يعلن دعمه للنظام الاقتصادي و الاجتماعي المعمول به في الاتحاد السوفيتي حينذاك.

## The impact of leftist on political movement of Eastern Kurdistan: JK (194201945)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

**Ismael Abdalrahman Saeed**
Department of History, faculty of Education, koya university,Koya, kurdistan region, Iraq.
Email: ismael.abdalrahman@koyauniversity.org

**Abstract:**

Leftism ideology came to Kurdistan through different ways like; social democracy movement, Iranian Communist Party, Iranian Tuddeh Party and invasion of Kurdistan by the red army and the support of the Soviet Union for the Kurdistan Republic.

Since the leftism idea promoted justice and equality and removal of all kinds of oppression, it was attractive to the Kurdish intellectuals and so they welcomed it: the Kurdistan Revival association as the first nationalist party of Kurdistan (١٩٤٢). In spite of this, it was a national-religious party, but the effect of left thoughts was clear. In that order they were against to the feudalism system as an socioeconomic regime of Kurdistan, and they tried to destroy tribal system in Kurdistan and at the same time they supported grubber class and specially farmer class.

Kurdistan Revival Association to reach its main goal meaning creating a Kurdish Independent Government, was looking for foreign support, hence, its relations with the Soviet Union were very friendly and; even in its declarations, there are sympathize for socioeconomic system of Soviet Union.

**key words:** Right wings, Leftism, Nationalism, Feudalism, JK (Kurdistan Revival Association)

## لیستی سەرچاوەکان:

نیشتمان: آمانجی ئێمە، ژمارە ١، ساڵی یەکەم، پوشپەڕی ١٣٢٢، جولای ١٩٤٣.

نیشتمان: ایمە و مردم، ژمارە ٢، خەزەڵوەری ١٣٢٢.

نیشتمان: ژمارە ٣، ساڵی یەکەم، خەزەڵوەری ١٣٢٣.

نیشتمان: ژمارە ٤ ساڵی یەکەم، ١٣٢٣.

نیشتمان: ژمارە ٥، ساڵی یەکەم، ڕێبەندانی ١٣٢٣.

نیشتمان: ژمارە ٦، ساڵی یەکەم، ژمارە ٦، ڕەشەمێی ١٣٢٣.

نیشتمان: ژمارە ٧، ساڵی یەکەم، خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردانی ١٣٢٤.

گۆڤاری گزینگ: ژمارە ١٢، ستۆکهۆڵم،١٩٩٢.

ئەمین: نەوشیروان مستەفا، ١٩٩٢، حکومەتی کوردستان، (کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا) چ٢، هەولێر.

ئەسەسەرد: فەرید، ٢٠١٢، ڕەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهان، بلاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.

ئینتسار: نادر، ٢٠٠٤، ئیتنونەتەوایەتیی کوردی، و: عەتا قەرەداخی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
بارزانی، مسعود، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

دەباغی: عەبدولقادر، ١٣٦٧، ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژ_ک، بڵاوکراوەی چاپەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.
زەبیحی: عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٣، وەڵامێکی نامیلکەی بەڕێز ئارچی روزڤێلت، و: جوتیار حاجی تۆفیق، ئاینده (گۆڤاری ئەدەب و هونەر و هزری هاوچەرخ) ژ٤، ساڵی پێنجەم، سلێمانی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

سەمەدی: سەید محەممەدی، ١٣٦١، ژێ کاف چ بوو، چی دەویست و چی لێ بەسەرهات؟ بلاوکراوەی چاپەمەنی سەییدیان، مەهاباد.

سەردەشتی: یاسین، ٢٠١١، کوردستانی ئێران، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جولانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩– ١٩٧٩)، سلێمانی.

سەعید: هیوا عەزیز، ٢٠٠٦، خۆیبوون، هیوا، ژ_ک (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی)، سلێمانی.
سوڵتانی: ئەنوەر، ٢٠٠٥، ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، بنکەی ژین، سلێمانی.

ساڵح: سدیق، ٢٠٠٧، بیرەوەرییەکانی محەممەد شاە پەسەندی، بنکەی ژین، سلێمانی.
ساڵح: چیمەن، ١٩٩٩، ناهیدە شێخ سەلام، ئەوەی لەبیرمە، هەولێر.

شەمزینی: عەزیز، ٢٠٠٦، جوولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چ٤، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

عەلی: عوسمان، ٢٠١٠، چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامەڕان بابانزادە، ب٢، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی.

قاسملو: عەبدولرەحمان، ١٩٧٣، کوردستان و کورد (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی–ئابووری)، و: عەبدوڵلا حەسەنزادە، بەغداد.

قادر: مەهدی محەممەد، ٢٠٠٥، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥٠١٩٥٨، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

کەریمی: عەلی، ٢٠٠٨، بڵاوکراوەی بیری کۆمەڵەی ژ_ک، بنکەی ژین، سلێمانی.

کۆیی: مەلا محەممەدی، دیاریی کۆمەڵەی ژ_ک بۆ لاوەکانی کورد (١٣٢٢–١٩٤٣).

گەوهەری: حامید، ٢٠١١، کۆماری کوردستان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

گەوهەری: حامید، ١٩٩٩، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ستۆکهۆڵم.

مەکداول: دیڤید، ٢٠٠٢، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

مەدەنی: حوسێن، ٢٠٠٦، کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، هەولێر.

مەدەنی: حوسێن، ٢٠٠١، کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، ب٢، هەولێر.

موکریانی: هەژار، ١٩٧٧، چێشتی مجێور، پاریس.

موکریانی: هێمن، ٢٧٠٨، دیوانی هێمن، سلێمانی.

هەورامی: ئەفراسـیاو، ٢٠٠٦، ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان لە دووەم جەنگی جیهانیدا، بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشـیفی یەکیەتی سۆڤیەت، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، سلێمانی.

وەلی: عەبباسی، ١٩٩٥، پەیدابوون و بناغەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێران، و: حەسەن قازی، سوید.

ابراهامیان: یرواند، ١٣٨٣، ایران بین دوو انقلاب، ترجمه: احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی، چاپ نهم، تهران.

ابریشمی: عبدالله، ١٣٨٣، کردستان همیشه قابل کشف، چشم انداز، ایران، ویژه نامه کردستان (٢)، نشریه سیاسی-راهبردی.

باباخانی: ناسر، ١٣٧٨، عبدلرحمان زبیحی کاریزمایی ناتمام، انتشارات سیدیان، مهاباد.

خدیو: صلاح‌الدین، ٢٠٠٠، در دفاع از تاریخ (نقدی بر مقاله احسان هوشمند در چشم انداز ایران).

رجائی: سامان، ١٣٧٢، نگاهی به ریشه‌های چپ مذهبی، نشریه راه آزادی، ژماره ٥٩.
سجادی: امیر، ژ_ک از پارادایم فربەسازی فرهنگی تا رادیکالیسم سیاسی، ڕۆژهەڵات، ژ ١٧.
کوچرا: کریس، ١٣٧٣، جنبش ملی کرد، ت: ابراهیم یونسی، تهران.
قادرزاده، محموود، ١٣٧٤، خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو ( چهره مهاباد)، تهران.
مجاب: شهرزاد، زن و ناسیونایسم در جمهوری ١٩٤٦.
نکوروح: محموود، ١٣٧٧، نهضت خداپرستان سوسیالیست، تهران.
وەلی: عباسی، ناسیونالیزم کرد در ایران دەوره تکوینی ١٩٤٢-١٩٤٧، ت: رشید احمد رش، نویسیا، گاهنامه سیاسی، اجتماعی، فرهنگی، شماره ٢.
صمدی: سید محمد، نگاهی به تاریخ مهاباد، انتشارات رهرو مهاباد.

احمد: کمال مظهر، ١٩٨٥، دراسات فی التاریخ ایران الحدیث و المعاصر، الامانه العامه الثقافه و الشباب، بغداد.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020